# سەرەتای کۆتایی هاتنی ئیسلام لە ناو کورد

راویژ هیرانی

لە سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من زمانی عەرەبیم باش نیە بۆیە بۆ تێگەیشتن گەلێک جار ناچار دەبووم کە پرسیار لە کەسانێکیتر بکەم ئەو کەسانەش هەر یەکەو بە جۆرێک ئایەتەکانی بۆ لێکدەدامەوە کە تەواو جیاوازی لەگەڵ ئەوانیتر هەبوو، هەر کاتێکیش کە دەمووت چۆن دەبێ هەر کەسێک بە شێوەیەک باس لە ئایەتی قورئانی بکات ؟؟ هەر یەکە بەوە وولامی دەدامەوە کە گوایە زمانی عەرەبی زۆر قورسە و هەموو کەس بە ئاسانی لێی تێناگات بۆیە رەنگە ئەوانەی کە ئایەتەکانیان بۆ لێکداویەتەوە ئەوا بە باشی لە زمانی عەرەبی نەگەیشتوون،منیش نەمدەزانی بە کامەی بڕوا بکەم و بە کامەی بڕوا نەکەم ، کامە راست دەکات و کامە راست ناکات ، کامە بە باشی شارەزایە لە زمانی عەرەبی و کامە شارەزا نیە ئەمە و دەیان پرسیاری تر نەک لە سەر ئایەتەکان بەڵکو لە سەر ئەوانەی کە ئایەتەکانین بۆ شیدەکردمەوە ، ئێستاش نازانم بۆ خودا بەم زمانە سەختە قورئانی بۆ مرۆڤ رەوانە کردووە ، تاوانی ئەو کەسانە چیە کە زمانی عەرەبی نازانن و و ناتوانن بە باشی لە قورئان تێبگەن ؟؟؟؟ خۆ ئەوانەش وەکو من ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر ئەو کەسانەی کە گوایە زمانزانی عەرەبین و بەباشی لە قورئان تێدەگەن و دەتوانن رێگای راست و درستی ئیسلام پیشانی ئەو کەسانە بدەن کە عەرەبی نازانن ، بۆ ئەمەش ناکۆکیەکی گەورە گەوتۆتە نێوان عەرەبیزانە ئیسلامە کوردەکان ئەوا ئەگەر باس لە کێشەی ئیسلامە عەرەبەکان و میللەتانی تر نەکەم .

باشە چۆن بتوانم من بزانم کامە راست دەکات و کامە درۆ دەکات ، ئەوە جگە لەوەی کە هەر هەموومان دەزانین چەندین (مەزهەبی) جیاجیا لە ئیسلام دا هەن بۆ ئەمەش جاران پێیان دەگووتم کە ئەم مەزهەبانە جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە نێوان دا بیە ، منیش بۆ ئەمەش هیچ قسەیەکی دەوتۆم پێ نەبوو چونکە سەرچاوەی هەموو (مەزهەبەکان) عەرەبیە ، بۆ ئەمەش هەر دەبوایە لە کەسانی تر پرسیار بکەم ئەوانیش بە پێی (مەزهەبی) خۆیان زێیان ئەگەیاندم ، لە ئەنجامدا هەستم بەوەکرد کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان مەزهەبەکاندا هەیە تا ئاستی ئەوەی کە یەکێک ئەوەی تر رەت ئەکاتەوە ، ئەمانە هەموو کێشەی زۆر گەورە بوون لە بەر دەم مندا تا ئەو کاتەی کە توانیم لە رێگای ئەنتەرنێت بچمە کۆمەڵێک سایتی جیاجیا کە چەندین ووتاری لەم بارەوە بە کوردی بلاوکرابوونەوە ، لە هەمان کاتدا لە رێگای چەند برادەرێک چەندین سەرچاوەی جیاجیای کوردیم دەست کەوت لە هەمووی گرینگتر (قورئان بە کوردی) بوو ، دەبێ زۆر سوپاسی مامۆستا هەژار بکەین کە توانی ئەم کارە گەورەمان بۆ ئەنجام بدات و لەم کێشەیە رزگارمان بکات کە ئیسلامە کوردە عەرەبیزانەکان بۆیان دروست کردبووین . بۆیە من لێرە داواکارم لە هەموو کوردێکی خوێندەوار کە ئەم قورئانە کوردیە بخوێنێتەوە و راستەوخۆ لە ئەم

ئایەتانەی قورئان بگات و پێویستی بە عەرەبیزانەکان نەبێت ،وە خۆزگە ئەوانەی کە دەیانەوێ بە وەفا بن بۆ مامۆستا هەژار بتوانن سالانە بە هەزاران ژمارە لەم قورئانەی مامۆستا هەژار لە چاپ بدەن چونکە ئەوە جگە لەوەی کە وەفایە بۆ مامۆستا لە هەمان کات باشترین خزمەتە بۆ مللەتەکەی ، رزگار کردنی خەلکی کوردە لەم گێژاوەی ئیسلام ، کە هاتوون بە ناوی نەزانینی زمانی عەرەبی بە ئارەزووی خۆیان ئەم خەلکە هەژار و رەش و رووتە چەواش ئەکەن ، من تێناگەم قورئان تەنیا بۆ عەرەب بووە تا ئەوەی عەرەبی نەزانێ لێی تێنەگات ، ئەگەر بە عەرەبیش بووبێ بۆ دەبێ بە عەرەبیەکی ئەوەندە قورس کە دەبێ کەسەکە لە عەرەبیش زمانزانێکی باش بێت.

خۆزگە هەزار سال بەر لە ئێستا بتواندرابایە کە ئەم قورئانە بکرابووایە بە کوردی تا ئەو هەموو سالە کورد بەم شێوەیە بە ئیسلام چەواشە نەکرابوایە ، ئەو هەموو زەرەر وزیانەمان لە سایەی ئیسلام پێنەکەوتبوایە ، هەر چەند مێژووی کورد دەخوێنیەوە ئەوەبدە زۆرتر ئاگادار دەبینەوە کە ئیسلام چ کۆسپێک بووە لە بەر دەم بزووتنەوە و شۆرشەکانی کورد ، بە داخەوە تا ئەمڕۆش بەردەوامە ، بەلام من بەوە گەشبین و خۆشحالم کە ئێستا خەریکە لە ریگای سایتەکانی ئەنتەرنێت و ژوورەکانی پالتاک و ئەو کتابانەی لەوێ و لەوێ بە کوردی سەبارەت بە مێژووی ئیسلام ئەنووسرێن و قورئانیشمان بە کوردی هەیە .. هیوادارم کە ئەم نووسەرانە لە بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە بابەتە چاکانە بەردەوام بن کە خەلکی کورد زۆر پێویستی پێیەتی لە هەمان کاتدا قەیرانێکی گەورەی خستۆتە بەر دەم ئیسلامەکان بە گشتی ئیسلامە کوردەکان بە تایبەتی بۆیە چگە لە هەڕەشەکردن و هەولی تیرۆر و جنێودان لە مینبەری مزگەوتەکان هیچ شتێکیتریان بە دەست نەماوە و ناتوانن بە شێوەیەکی سەردەمانە گفتوگۆی بیر و باوڕی خۆیان بکەن و وولامی ئەم نووسەرانە بدەنەوە کە توانیویانە بە شێوەیەکی زۆر وورد و زانیستیانە راستیەکانمان بۆ بخەنە روو ، بۆ نمونە هەردوو کتابەکەی مامۆستای بەڕێز و شارەزا و رۆشەنبیری کورد کاک (فوئاد مەجید میسری) کە بەراستی کەلێنێکی گەورەی لە پەرتووکخانەی کوردی پڕکردەوە، ئەوەیشیان وەک قورئانە کوردیەکەی م.هەژار سوودی زۆری پێم بەخشیوە ، هیوادارم کە خوێنەری کوردیش وەکو من سوود لەم کتاب و قورئانە کوردیە وەرگرێت، ئەوە ئەگەر ئیسلامەکان نەکەونە ئەوەی کە پێمان بلێن کە ئەگەر قورئان بە کوردیش بێ ئەوا پێویستی بە (تەفسیر) هەیە ، چونکە ئایەتی قورئان بە هەر زمانێک بێت تێگەیشتنی ئاسان نیە و ئەبێ هەر دیسان کەسانێک هەبن کە لە دین شارەزا بن و باوڕیان بە ئیسلام توند بێت ئەو کات ئەتوانن لە ئایەتی قورئانی تێبگەن، جارێکیتر بیانەوێت کە خەلک بە شێوازێکیتر چەواشە بکەن، بەلام ئیتر کار لەوە دەرچووە کە بتوانن وەکو جاران بە ئاسانی بەردەوام بن لە چەواشەکردن و فریودانی خەلک ، چونکە لە سایەی ئەو بەرەو پێش چوونە

تەکنۆلۆژیایەی کە ئەمڕۆ لە ئارا دایە و ئەو چاوکراوەیەی ئەمڕۆ مللەتی کورد هەیەتی زۆر لەگەل دوێنێ جیاوازی هەیە کە هەرگیز ئاسان نیە بۆ ئیسلامەکان کە بتوانن وەکو جاران چۆنیان دەوێت ئاوا خەلک تێبگەینن، لەگەل ئەوەش کە گەلێک جار ئیسلامەکان سوودیان لە دەسەلات وەرگرتووە و بە ناوی ئەوەی کە زۆربەی خەلک ئیسلامە و ئەبێ رێزی خەلک بگیرێت و رێگا نەدرێت بە بلاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی دژی بە ئیسلامن یان رەخنە لە ئیسلام ئەگرن بە هەمان شێوەش هاتوون رێگایان لە کەسە پێشکەوتووخوازەکان گرتووە کە لە کۆڕو سیمینارەکاندا ئەو قسانە نەکەن کە لەگەل بەرژەوەندی ئیسلام ناکۆکن ، دیارە کە ئیسلامیش بە هۆی ئەو دواکووتویەی کە هەیەتی لە خزمەتی ئەو جۆرە دەسەلاتانەی وەک دەسەلاتی کوردی دایە بۆیە هەر یەکەیان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی پارێزگاری لەوەیتر ئەکات ، باشترین نمونەش بۆ ئەمە ئەوەیە کاتێک لە کوردیستان تی ڤی بەشێک لەم سیمینارانەی حەمە سەعید حەسەنی بلاوکردەوە کە سەبارەت بە بۆچوونی ئیسلام بۆ ژن بوو ، ئیسلامیەکان فشاریان خستە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر تەلەفزیۆنەکەیان پێ داخستن ، ئەمە دەیان نمونەیتر هەن لە کاتێک کە رێگا دراوە بە ئیسلامەکان بە چەندین شێوازی جیاجیا بە پێی ویستی خۆیان لە لایەک بکەونە تۆقاندنی خەلک بە مردن و ئاگری جەهەنەم لە لایەکیتر زەمینەی تیرۆرستان خۆشتر بکەن و خەلک ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لە پێناو و خوا و بەهەشت و حۆری بچن هاوکاری ئەم گروپە ئیسلامیانە بکەن کە ئەوەی دژی مرۆڤایەتیە ئەنجامی ئەدەن ، لەوانەش ئەوەتە گروپەکەی شێخ زانا و ئەو تاوانە گەورانەی کە ئەنجامیان دان لە جیاتی ئەوەی بکرێن بە عیبرەت بۆ گروپەکانی تر و بەئاشکرا لە بەرچاوی خەلک دادگا بکرێن و سزای یاسایی بدرێن هەر ئەوەندە بوو چەند جارێک هێندرانە سەر تەلەفزیۆن و دوایی هەموو دام و دەزگاکان بێ دەنگ بوون و تا ئێستا کەس نازانی ئەم تاوانبارانە جیان بە سەر هات، کە ئەمەش گومانێکی زۆری لای خەلک دروست کردووە و لە لایەکی تریش بۆتە هۆی چاونەترسی زۆرتی ئیسلامیەکان و پێیان وایە دەسەلات لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆی ناتوانێ سزای یاسایانەی ئەم تاوانبارانە بدات .

بە هەرحال ئەمە تا سەر نیە ، وەک گووتم ئەمڕۆ لە سایەی ئە ئەنترنێتەی کە نە ئیسلامەکان و نە دەسەلاتەکان ناتوانن دەستی بەسەردا بگرن و رێگای بلاوکردنەوە و قسەکردن لە خەلک بگرن ئەوا رۆژ لە دوای رۆژی ژمارەی ئەو نووسەر و خوێنەرانە لە زۆر بوون دایە و ئەتوانن بە ئازادانە بیر و بۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن و پەردە لەسەر ئەو راستیانە لابدەن کە سالانێکی گەلێک زۆرە خەلکێکی زۆر لێی بێ ئاگایە .

لە کۆتاییدا داواکارم لە هەموو نووسەر و خوێنەر و قسەکارەکانی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە تا بۆیان ئەکرێت لە هەولی ئەوە دابن کە رێگا و شێوازیتریش

بدۆزنەوە بۆ گەیاندنی ئەم راستیانە بە خەڵکێکی بەرفراوانتری کوردستانی داماو بۆ رزگارکردنی خەلک لەم (جەهالەتە) و نەزانیەی ئیسلام ، هەمووومان بە یەکەوە کار بکەین لە پێناو هەلاتنی رۆژی شارستانیەت لە مللەتەکەمان و بەسەر چوونی ئەو شەوە تاریک و ترسناکانەی هەر هەموو دینەکان لە پێشەوەشیان ئیسلام..